# ڕەشەكوژی هاولاتیانی ئێزیدی شەرمەزاردەكەین

ڕۆژی 2007/4/22 لـە كردەوەیـەكی تیرۆریـستی و ڕەشـەكوژیدا لـە شـاری موسـڵ 27 هاولاتی ئێزیدی شەهیدكران و ژمارەیەكی تـریش بریـندار كـران، كـە هـەموویان كرێكارو هاولاتی سادەو بێ چەك بوون. ئێمە لەكاتێكدا ئەم كردەوەیە بەتوندی شەرمەزار دەكەین، سەرەخۆشی خۆشمان ئاڕاسـتەی بنەماڵـەی شـەهیدەكان و سـەرجەم هاولاتیـانی ئێزیـدی و گەلی كوردسـتان دەكـەین و هیـوای چاكبوونەوە بـۆ بریـندارەكانیش دەخـوازین. هـەروەها ئێمە پێمان وایە كە كـارێكی بـەمجۆرە و لـەكاتێكی وەكـو ئێـستادا هەوڵـدانێكی جدییـە بـۆ دروسـتكردن و قووڵكردنـەوەی نـاكۆكی نەتـەوەیی، ئـایینی و ئـایینزایی لـەنێو گەلانـدا و لەهەمانكاتدا هەوڵـدانێكی تایبەتـە و بـەردەوامی ئـەو هەولانەیـە كـە بـە ئاشـكرا و نهێنی دەدرێـت بـۆ هەڵكەنـدنی ئێزیـدی لەزێـدی خۆیـان. هـەر بۆیـە پێمـان وایـە پێویـستە بـە هۆشیارییەوە هەڵسوكەوت بكەین لەگەڵ ئەمجۆرە كردەوانەدا و ڕێگە نەدەین بكەرانی ئـەم كارانە بگەنە ئامانجی خۆیان و بە سزای یاسایی خۆیانیان بگەیەنین.

لەم پێناوەشدا داوا لە پارتەسیاسـیەكان دەكـەین كـە لـەژێر كاریگـەریی سیاسـەتی دەرەوەدا كارێك نەكەن هۆی ئەوەی كە هاولاتیانی ئێزیدی نكۆڵی لـە كـورد بـوونی خۆیـات بكـەن و یان ناكۆكی بكەوێتـە نێـوان كوردی ئێزیـدی و كوردی موسـوڵمانەوە و داوا لـە هاولاتیـانی ئێزیدی و رێكخراوە سیاسی و كۆمەلایەتیەكانی ئێزیـدی و پـیرو مـیرو شـێخە بـەڕێزەكانی ئێزیدیش دەكەین كە بۆ رێگەگرتن لە ناكۆكی بەمرەنگە وكاردانـەوەی جـەماوەری توانـای خۆیان بخەنە گەڕ.

**مەكتەبی سیاسی**

**پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان**

2007/4/23